کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلکترۆنی ڕۆژانەی کشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
4-2-2007 20:39 بەکاتی ناوەندی ئەورووپا

## فیلمێکی دیکۆمێنتاری ئەمریکی، عیراق لەچاوی گەلەکەیەوە پیشان دەدات ... ئا:ریبوار عەزیز*

فیلمی "نەهامەتیەکانی عیراق": ئومێدی عێراقیەکان چێژ وەرگرتن بوو لەئارامی و خۆشیەکانی ژیان نەك بەردەوامی تەقینەوەی ئوتۆمبیلە بەمین چێنراوەکان

چیرۆکی وێنەی شەقاکەکانی بەغداد بەر لەداگیرکردنی عێراق لەلایەن ئەمریکاوە لەساڵی 2003دا بەبیری محەمەد هەیسەم دێتەوە کەلەئێستادا ئەو گەنجە باوانی ونکردووە بەوەی کەچەندە ئەو شەقامانە جوانبوون.

فیلمی "نەهامەتیەکانی عیراق" وێنەی هەر سێ تەوەرەی (سوننە – شیعە – کورد) پیشان دەدات کەهەوڵ بۆ ژیان دەدەن لەوادەی ئەو جەنگەی هێزەکانی ئەمریکایی بۆ لەنێوبکردنی سەدام حسەینی سەرۆکی ئەو کاتەی عێراق ئەنجامیان دابوو.

فیلمە دۆکیۆمێنتاریەکە هەیسەم پیشان دەدات کەوازی لەقوتابخانەکەی هێنا بەبەمەستی هاوکاریکردنی خێزانەکەی لەدابینکردنی بژێوی ژیانیان بۆ ئەمەش هاوکاری وەستاکە دەکرد لەچاککردنەوەی ئوتۆمبیلە شکاوەکانی شاری بەغداد، فیلمەکە وێنەی میلیشیا عیراقیەکان و خێزانە کوردەکان نیشان دەدات و بەشێکی فیلمەکەش وێنەی یەکەم هەڵبژاردن لەعێراق نیشان دەدات کە کوردەکانی باکوور ئەنجامیاندا لەدوای داگیرکردنی وڵاتەکەیانەوە.

فیلمە ئەمریکیەکە باس لەڕووداوەکانی وڵات دەکات لەنێوان ساڵانی 2003-2005 کەتێدا گەورەترین تیشکی کوشتنی تائیفی دەرکەوت و باسیش لەوە دەکات کەلەگەڵ بوونی ئەگەری کشانەوەی هێزەکانی واشنتۆن لەعیراق وڵات ئەگەری دابەشبوونی بەسەر سێ جەمسەردا دەبێت.

ئەو فیلمە سینەماییەکەلەڤیستیڤاڵێکی سینەمایی شاری دوبەی لەچەند هەفتەیەکی ڕابردوودا نمایشکرا باس لەوەش دەکات کەئومێدی عێراقیەکان بە تەنها لەناوبردنی سەرۆکی پێشوریان نەبوو، بەڵکە ئومێدیشیان چێژ وەرگرتنبوو لەئارامی و خۆشیەکانی ژیان، بەڵام نەرۆیشتنە دەرەوەی ئامریکیەکان و زۆربوونی میلیشیا سەربازییەکان و بەردەوامی تەقینەوەی ئوتۆمبیلە بەمین چێنراوەکان ئەو خەوەی عێراقیەکان بەهەدەر برد.

زۆرینەی بینەرانی فیلمەکە ڕایان وابوو مەبەستی فیلمەکە گەڕانەوەیەکە بۆ ولایەتە یەککگرتوەکان، وەلێ جێمس لۆنجی دەرهێنەری ئەمریکی بۆ ئەوە دەڵێت "مەبەستەکە ئەوە نییە"

لۆنجلی لەلێدوانێکیدا بۆ ئاژانسی هەواڵی ڕۆیتەرز دەڵێت" فیلمەکە دەرخەری ڕای هاوڵاتیە عیراقیەکانە، بەواتای زۆربەی هاوڵاتیان دەیانەوێت ئەمریکیەکان وڵاتەکەیان بەجێ بهێڵن، ئەوان بارودۆخەکە بەنالەبار دەزانن".

لونجلی وای دەبینێت پیاوانی ئەمریکی لەبەغداد یاری تاوڵەو زار دەکەن و دەڵێت کەبەشێکی عێراقیەکان وای دەردەبڕن سەدام هەموو شتێکی تالانکردو سی و پێنج ساڵیش درێژەی پێدا ئەمریکیەکانیش لەئێستادا هەمان شتیان کردووە".

فیلمە ئەمریکیەکە لەبەشێکیدا باس لەنفوزی سوپای مەهدی بەسەرکردایەتی موقتەدا سەدر دەکات کەتوانیان دژی هێزە ئەمریکیەکان لەنەجەف لەساڵی 2004 دا بجەنگن، لونجلی بەشێکی فیلمەکەشی بۆ بەخێرهاتنی کوردەکان لەهاتنی ئەمریکیەکاندا تەرخانکردووە.

ئەو لەفیلمەکەدا ئەوە دەردەبڕێت کە" کوردەکان سەرمایەکانیان لەپێناو گەیشتن بەدەوڵەتێکی سەربەخۆدا دەبەخشن".

"عیراق لەنەهامەتیدا" لەکۆی 15 فیلمی دیکۆمێنتاریدا ئامادەکراوە بۆ وەرگرتنی خەڵاتی ئۆسکار بۆ فیلمە دیکۆمێنتاریەکانی ساڵی 2006 و لەفیستیڤاڵی شاری دوبەیشدا وەکو باشترین دەرهێنان و

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکەیەتی کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

مونتاژو وێنەگرتن دیاریکرا هەروەك بەجوانی فیلمەکە لەپیشاندانی بارودۆخی عێراق لەکاتی ڕووداوەکاندا وەسفکرا.

ئەندامی دەستەی نوسەرانی رۆژنامەی خوێندنی لبیراڵ

سەرچاوە ئاژانسی رۆیتەرز

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکەیەتی کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.